# ڕاپۆرتەکان دەڵێن عەلی کیمیاوی کوژرا

نووسینی : ساسکیا ڤان ڕینن

وەرگێرانی: تاهیر تەیب – کەنەدا



هێزەکانی بەریتانیا دەڵێن گوایا تەرمی ئامۆزا بەدناوەکەی سەدام حوسێن، عەلی حەسەن مەجیدی ناسراو بە عەلی کیمیاوی یان دۆزیوەتەوە. عەلی کیمیاوی بەوە ئەو ناوەی وەرگرت چونکە لە ساڵی ١٩٨٨دا فەرمانی پەلاماردانی دێ نشینە کوردەکانی بە گازی ژاراوی دا. ئینگلیسەکان دەڵێن کە کیمیاوی لە ئەنجامی هێرشێکی ئاسمانی بۆ سەر ڤێلایەکەی لە شاری بەسرە دا کوژراوە.

عەلی کیمیاوی یەکێك بوو لە ملکەچترین و بێدڵترین ئەندامی ناوەوەی بازنەکەی سەدام حوسێن و لە باشووری وەڵاتدا، بەرپرسی هێزەکانی عیراقێ بوو. سەرۆکی عیراقی زۆر ڕێزی لێ دەنا؛ چونکە زۆر بەبێ خواناسین کوردە یاخیبووەکانی لە کۆتایی ساڵانی ١٩٨٠ کاندا سەرکوت کردن.

سەدام حوسێن لەساڵی ١٩٨٧ دا، عەلی کیمیاوی کردە بریکاری خۆی لە باکووری عیراقێ کە زۆرینەی دانیشتوانی کوردن. پاشتر و لەو کاتەی کە عیراق کوێتی داگیر کرد، کردی بە پارێزگاری مەملەکەتی نەوت. لەکۆتایی شەڕی کەنداوی ١٩٩١ دا کرایە وەزیری شەڕ و تا ١٩٩٥ هەر لەو پۆستدا مایەوە. لەم ساڵانەی دواییشدا لەپەنا پەردەوە کاری دەکردو ڕۆڵی گرینگی لەناو حیزبی بەعسدا دەگێڕاو ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بوو.

## لایەنگیری...

کیمیاوی جودا لەهەندێ لە خزمە نزیکەکانی، هەر بە لاینگیری سەدام مایەوە. لە ساڵی ١٩٩٥دا، براکەی و برازاکانی کە زاوای سەدام بوون، یاخی بوون و پەنایان بردە بەر ئوردون. کە دوای چەند مانگێك گەڕانەوە بۆ عیراق، بە فەرمانی کیمیاوی کوژران. کیمیاوی ناوبژیوانی نێوان عودەی و قوسەی، دووکوڕەکەی سدامیشی کردووە ناکۆکی خوێناوی لەنێوانیاندا براندۆتەوە.

پێشی ئەم شەڕە سەدام حوسێن ئامۆزایەکەی بە ئەرکی ئاشتی خوازانە، ناردە وەڵاتانی ناوچەکە، تا پشتیوانی وەڵاتە عارەبییە هاوسێکانی عیراق وەدەست بێنێ. کەشەڕیش دەستی پێکرد ژەنراڵ کرایە سەرکردەی گاردی کۆماری و میلیشیاکانی سەدام لەباشووردا.

## پیلانگێڕەکەی سەدام

عەلی کیمیاوی هەر لەسەرەتادا بە دڵڕق ناوزەدبوو. دوو ئەوەندەی سەدام خۆی پیلانی ناهەمواری هەبوو. ئەو بوو لەساڵی ١٩٨٨دا بیرۆکەی پەلاماردانی جێنۆسایدی بۆسەر گوندی هەڵبجەی کوردان دارڕێت و هەزاران سیڤیلی کوشت. لەودەمەی کە پارێزگاری کوێت بوو، فەرمانی دا، لە ژێر زەمینە تایبەت ئامادەکراوەکان، نەیارانی ڕژێم ئابڕوو ببەن و ئەشکەنجەیان بدەن و تیرۆریان بکەن.

لەدوای شەڕی کەنداوی ١٩٩١ یشدا، هەر خۆی لە بە خوێن، سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی شیعەکانی باشووری عیراق بەرپرس بوو. ئەم سەرکوتکردنە خوێناوی یە، بووە هۆی کوشتنی نزیکەی ٢٠٠٠٠٠ کەس و بێ شوێن کردنی سەدان هەزار کەسی دیکەش. (هێنك چووتە) ی ڕۆژنامەنووسی جەرمانی و دانەری کتێبی سەربردەیەکی سەدام حوسێن، دەنووسێ:- "مەجید فەرمانی دا تا خەڵکی بە تانکەکانیانیەوە ببەستنەوە بۆ ئەوەی بیانکاتە قەلغانی مرۆیی Human Shields).

## تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی

لەوکاتەی کە عەلی حەسەن مەجید لە مانگی کانوونی دووەمی ڕابردوودا گەشتێکی بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکرد، ڕێکخراوی (هیومەن ڕایتس ووچ) داوای کرد، لەسەر جێنۆسایدو ئەوتاوانانەی کە لە دژی مرۆڤایەتی کردوویەتی، عەلی کیمیاوی بگیرێ. هێنك چوتە دەڵێ:- "گرووپی فشار کەبنکەکەی لە وەلاتە یەکگرتووەکانە، بەڵگەی هەیە کە عەلی کیمیاوی هەرەشەی کوشتن و خاپوور کردن لەکوردان دەکات. " عەلی کیمیاوی دەڵێ:- "هەموویان بەو چەکە کیمیاوی یەی کە هەیتم دەکوژم. کێ دەتوانێ دەستم بگرێ؟ کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی؟ نەفرەت لەو کۆمەڵگە نێو نەتەوەیی یە بێت. " بەلاّم وەلاّتە عارەبییەکان بانگەوازەکەی هیومەن ڕایتس ووچیان بە هیچ هەڵنەگرت. سەرۆکی ئەم ڕیکخراوە کە ناوی (کێنیس ڕۆس Kenneth Roth) ە لەوکاتدا گوتی:- "ئەمە پیاوێکە دەبێ پاسەوانانی زیندان پێشوازی لێ بکەن، نەك سەرانی وەلاّتان. "

---

*www. kurditanobserver. com سەرچاوە:

www . Kurdistannet. Org
کوردستان نێت